

# تێسله و ئاوی شێخی باڵەک

دیدار مەسیفی
(کەنەدا)

ئێوارەیەکی خۆڵەمێشی بوو! برازا جوانەکەم ئۆتۆمۆبێلە ئۆدییە سپییەکەی لە پێش دەرگەی ماڵی خوشکە گچکەکەم ڕادەگرێت و بلەز پەنجە بە زەنگی سەر دەرگەکەوە دەنێت. دواتر یەک چرکەیش لە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگەکە نامێنێتەوە و مینا پاڵەوانی فیلمی ئەنەمیەشن و بەناوبانگی سۆنیک بە خێرایی دەگەڕێتەوە سەر کورسی شوفێری. خوشکم دەڵێت لەوەتەی منی نەبینیوە ئەم برازایەیشی نەبینیوە!

– من لەوسەری دنیا دەژیم و هەر دە ساڵ و جارێک بۆم ڕێک دەکەوێت بگەڕێمەوە لاتان!؟ کەچی خوشکێ، ئێوە هەمووتان لە یەک شار دەژین و دەبێت سوپاسگوزار بن کە نەخشەکەی شێوەی بازنەیی هەیە.

هەستم کرد خوشکە زرنگەکەم بە چاکی لە مەبەستی بەکارهێنانی وشەی بازنە لە نێو ئاخاوتنەکەم نەگەیشت و بە هەندیشی وەرنەگرت. لێ دەتگوت هەر لە بنەڕەتەوە و بە شێوەیەکی خۆنەویستانە من ئەم وشەیەم بۆیە بەسەر زاردا هاتبوو هەتا هەر گەیشتمە سەر کورسی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە، یەکسەر بە گوێی برازاکەمیشدا بچرپێنم، بەو پێیەی ئەو ئەندازیارە زووتر لە مەبەستەکە دەگەیشت، کە شێوەی بازنە هەمیشە ماوەکان کورتتر دەکاتەوە.

برازاکەم دەنگێکی گەلێک شیرین و سۆزداری هەیە و دەشێت لە یەک کاتدا بە چەند شێوە ئاوازی دەنگی بگۆڕێت. جارێکیان بەر لە گەڕانەوەم بۆ زێدی شیرین، بۆ شت کڕین بۆ دەرەوە

چووم و هەرکە ئۆتۆمۆبیلەکەم لە گۆڕەپانی فراوانی مۆڵێکدا ڕاگرت، زەنگی پەیامێکم لە ئایفۆنەکەم بەر گوێ کەوت. من هەمیشە ئارەزوو دەکەم گیرفانێکم لە نزیکی پێیەکانم هەبێت و ئایفۆنەکەمی لێ دابشارم. بەو نیازەی دەستم بە درەنگی پێی ڕابگات، ئایفۆنەکەیش بە سانایی بۆی نەلوێت زوو زوو بە خۆیەوە مژووڵم بکات و لە ژیانی ڕاستی دابمڕێنێت.

لەو کاتەی پەیامەکەم بۆ هات شەو بوو و هەرکە لەسەر ڤاییەر کردمەوە گوێم بە گۆرانییەکی ئاوازەی مەم ئارارات پڕ بوو کە دەڵێت: «شەڤ بوو ستێر لە ئاسمان، دلەرزە بایێ پشت چیایان!» تاوێکی درێژ لە نێو ئۆتۆمۆبیلەکە مامەوە و بە گەردێک بۆم ئاشکرا نەدەبوو لەوەی دەنگەکە دەنگی مەم نەبوو، بەڵکە هی برازاکەم بوو! ئیدی ڕووندک بە چاومدا هاتە خوارەوە و یەکسەر پەیامێکم بۆی نووسی کە هەرگیز لەو بەهرە شیرینانەی بێبەشم نەکات.

لە سەروەختی گەڕانەوەمدا من هەتا ئەو کاتە لە سەنگەری خوشکە گچکەکەم مامەوە کە هێشتا ئەو برازایەم جارێکی تر لە نزیکەوە و بە تەمەنێکی گەورەتر نەبینیبوو! هەرچەندە ئەو ڕوخسارە پاکیزەکەی هەڵەتی منداڵی پێوە مابوو، لێ بەژنی زراڤ و درێژی وەها گەشەی کردبوو بۆنی وەرزی بەهاری لێ دەهات. لە نێو ئۆتۆمۆبیلەکەدا زۆر ئەستەم نەبوو بەژنی برازاکەم بە پێوانێکی نادیار بخەمڵێنم، بە تایبەت لەو کاتەی کورسی شوفێری گەلێک لەوەی من ماوەی خولەکێک لە سەری دانیشتبووم، بەرەو پاش بردبوو. بە دڵمدا نەهات پێی بڵێم کە بۆچی لە ئۆتۆمۆبیلەکەی نەهاتبووە دەرەوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە گەرەکم بوو شتەکەی بۆ پینە بکەم و بڵێم لەوانەیە پەلەی بووبێت و پێی خۆش نەبووبێت لە کۆڵانە جەنجاڵەکەدا لە یەک دوو خولەک پتر بمێنێتەوە.

برازاکەم زۆر لە مێژ نەبوو هاوسەگیری کردبوو و زانیبووم کە گۆرانی (ئەهواک- واتە خۆشم دەوێیت) کوتومت وەک عەبدولحەلیم حافز دەچڕێت. بە دانیشتن لە ماڵە خنجیلانەکەیان نەمویست شتەکان تێکەڵوپێکەڵ بکەم، لەو کاتەی بابەتەکانی لە ماڵی خوشکەکەم باس کران، لەگەڵ ئەوانەی ماڵی ئەو برازایەم نێوانی زەوین و ئاسمان جوداییان هەبوو.

خوشکە گچکەکەم لە چاو من تەمەنی زۆر گەورە نەبوو، لێ بابەتەکانی گفتوگۆی هەر هەمووی هی نێو دڵی منیش بوون، بە تایبەت لەگەڵ هاتنی دەنگی شیرینی حەسەن سیساوەیی لە تیڤییەکەی سەر مێزەکەی ژووری دانیشتن، ئەو بە ڕژدی و بە بزەیەکی جوانەوە پێداگری لە بەکارهێنانی وشەگەلی لەمەڕ سەردان، میوان، جیران، ژیان و باوان و تاد... دەکرد و لە نێو ئاخاوتنە جوانەکانی هەمیشە دووپاتەی دەکردنەوە.

دوای نزیکەی بیست خولەک گەیشتینە ماڵی برازاکەم کە لە باڵەخانەیەکی کۆنکریتی بیست و پێنج نهۆمی دەرەوە و باکووری شار بوو. هەر لە دەرگەوە بەر لەوەی لە برازاکەم زووتر پێم بخەمە ژوورەوە، بارەکەم بە تەواوی و بە سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەی ماڵی خوشکەکەم دیت. بۆ نموونە تیڤییەکە بە دیوارەوە بوو و دامرکابوو، دەتگوت تەمەنی بۆ چرکەیەکیش هەڵنەکراوە.

بە درێژایی ئیدی هەمووی پێنج خولەکی تر تێنەپەڕی کە خۆمان لە نێو بابەتەکانی گفتوگۆ و ئاخاوتنی سەر مێزی نان خواردن

بینییەوە. دەبێت بڵێم پێداگری برازاکەم لەسەر وشەگەلێک بوو کە هەمان کێشی زمانەوانی وشەکانی سەر زاری خوشکەکەمیان هەبوو، لێ واتاکانیان دوورترین پێوەندییان بەوانەوە هەبوو. لە ماڵی برازاکەم وشەگەلی وەک ئایفۆن، درۆن، ئەمازۆن و بیت کۆین و تاد...، بەر گوێم دەکەوتن و لەو جارەدا تیپی (نوون) لە کۆتایی هەر وشەیەکدا بە دوو نووکە تیژەکەی (N) هورووژمیان بۆ دەهێنام. لێ لە دەرەوەی گشت باسوخواسەکاندا، من هەرگیز نەمدەتوانی داوەری بکەم و یەک گەرد لە خۆشەویستی نێو دڵم بۆ هەر یەکێک لەو هەردوو ئازیزەم لە دەست بدەم.

برازاکەم کەسێکی هێندە ڕێزدار و ئارامە ئەگەر باسی ئەهریمەنێکیشی هێنابوایە گوێڕێ، لە پێش چاوانت بە جوانی دەردەکەوت. دوا جار بەر لەوەی ماوەی گەڕانەوەم بۆ ماڵی خوشکم نزیک بێتەوە و ماڵە خنجیلانەکەیان بەجێ بهێڵم، برازاکەم بە شێنەیی هات لە تەکم دانیشت و تراکی ڤیدیۆیەکی کورت و گەلێک سەرنجڕاکێشی پێ پێشان دام، هەرچەندە لە سەرەتادا مەبەستی گرتە ڤیدیۆییەکە ئاشکرا نەبوو و دیار نەبوو کە لە بارەی چییە، بە تایبەت لەو کاتەی زوومی کامێرا یەک لە دووی یەک چەند کەلوپەلێکی تەکنۆلۆژی سەردەمی نوێی بەسەر دەکردەوە و پێشانی دەدان. من خۆشیم لە سەیرکردنیان نەدەبینی و وەهام دەزانی شێوەیەکە لەو ڕیکلامە بێتامانەی نێو سکرینەکانی تیڤی کە هەمیشە گەرەگیانە هەرچی زووترە جوانییەکانی ژیانی کوردەواری بکوژن و لە نێوی ببەن. لێ لەو کاتەی ڤیدیۆکە کۆتایی هات، من نەمتوانی خۆم لەوە بدزمەوە و چەپڵە بۆ ئەو دەستە لێ نەدەم کە بیری لەو داهێنانە کردبووەوە و وەها بە جوانی بیرۆکەکەی دارشتبوو.

وێنەی نیکۆلا تێسلەی زانا بە هۆی کۆمەڵە کەلوپەلێکی ئیلیکترۆنی وەها بە شێوەیەکی سەیر و ناوازە بەرجەستە بوو و دروستبوو، چاوی هەر کەسێک بووایە لە ئاستیدا مات و ئەبڵەق بەجێ دەما. وێنەکە وەهای لە مرۆ دەکرد لە گومانی خێرا کەمێک شێنەیی بنوێنێت و هەمیشە لە چاوەڕوانی دەرئەنجام بمێنێتەوە، وێجا بڕیار بدات، ئیدی بە سەیرکردنی هونەر و وێنە ناوازەکەی تێسلە، وشەگەلی باوی سەردەم کە کاتژمێرێک زووتر لە زاری برازاکەم دەرچوو بوون و ژاوەژاوێکی سەیریان لە زەینمدا دروست کردبوو، لە گوشار هێنان دەکەوتن و ڕەوتی دانیشتنەکەیش بەرەو ئاقارێکی بەرفرەتر دەچوو.

من بۆ ماوەیەکی درێژ لە دیمەنی تێسلە ڕادەمام و لە دوا گۆشەنیگایەوە وێنەکە کوتومت وەک فۆتۆگرافێکی بریسکەدار و ڕوون و ڕاستی خۆی دەنواند. لێ لە هەمان کاتیشدا بەشێک لە زەینم بە کونوکەلەبەری ژیانی گوماناوی ئەم زانایە بەدبەختەدا گوزەری دەکرد و هێندێک شتی وەبیر دەهێنامەوە کە لەو ساڵانەی دوایی و لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی لە پڕی ناوی تێسلە خوێندبوومەوە.

دەڵێن تێسلە پیاوێکی بەژن درێژ و گەلێک ڕێک و پۆشتە بوو. بە کەمدوویی و ڕێزدارێکی بێوێنە ناسرا بوو و گەلێک جارانیش خۆشیی لە گاڵتەوگەپیش بینیوە. ئەو سەرباری زرنگی و داهێنانە مەزنەکانی، دوا ساڵەکانی ژیانی لە دوورەپەرێزییەکی سەیر بەڕێ کرد. هەتا لە زستانی ساڵی ١٩٣٧ لەو کاتەی لە هۆتێلەکە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بەرەو کاتێدرال بڕوات و وەک دوا ئارەزووی ژیانیشی، دانەوێڵە بە کۆترەکان بدات، ڕووداوێکی گوماناوی بۆ

پێش دێت. تێسلە هێشتا دوو، یان سێ کۆڵان لە هۆتێلەکە دوور نەکەوتبووەوە، لەو کاتەی دەیویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، ئۆتۆمۆبێلیکی تاکسی خۆی پێدا دەکێشێت و بەرەو ئاسمان بەرزی دەکاتەوە و دواتر بە زەبر فڕێی دەداتەوە سەر زەوی. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا تێسلە پشتی دەچەمێتەوە و زیانی زۆری پێ دەگات، هەروەها سێ پەراسووی دەشکێن و گەلێک برینیش هەتا مردنی بە نەزانراوی لە نێو لەشیدا دەمێننەوە. چونکە تێسلە بە هۆی گومانەکانی بۆ ئەو ڕووداوە و گەلێک ڕووداوی دیکەی پێشتری ژیانی لە نیویۆرک، هەموو چارەسەرێکی پزیشکی ڕەت دەکاتەوە، ئیدی ئەو بە لەشی هەپروون و پیری بۆ هەتا سەر خۆی لە ماڵەکەی لە ژووری ٣٣٢٧ ی هۆتێل نیویۆرکەر دەئاخنێت و جارێکی دیکە پێ نانێتە دنیای دەرەوە.

لە حەوتەمین ڕۆژی مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٣ و لە دوای پێنج ساڵ لە ڕووداوەکە، کارمەندێکی ژنی هۆتێلەکە بە ناوی ئەلیس گوێ بەو ئاگادارینامەیە نادات کە تێسلە ماوەیەک بوو بە سەر دەرگەی ژوورەکەیەوە هەڵواسیبوو (تکایە بێزارم مەکە!)، دەچێتە ژوورەوە. ئەلیس لە ژوورەوە هەست دەکات بۆنێکی ناخۆش و دژوون لە ژوورەکەدا پەنگاوەتەوە، بەڵام لەو کاتەی نیگای چاوەکانی دەکەونە سەر تەختی نووستن و تێسلە بە مردوویی دەبینێت، ژنە یەکسەر هاواری لێ هەڵدەستێت و بۆ دەرەوە ڕادەکات.

دوای ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەری هۆتێلەکە پۆلیس و ئەندامانی ئێف بی ئای و کەسانی پسپۆری دیکە وەژوور دەکەون و تەرمەکە و گشت شتەکانی نێو ژوورەکە لوول دەدەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، ئیدی لەو ڕۆژەوەڕا ناوی تێسلە دەبێت بە مێژوویەکی تەپس کراو و ژیان و مردن و کارە مەزنەکانی تەنێ لە بازنەیەکی بچووک و نەزانراودا دەمێننەوە.

دوای هەشتا ساڵ لەو کاتەی ئۆتۆمۆبیلێکی پاتری و زیرەک بە ناوی تێسلە بە جادە و شەقامەکاندا گوزەر دەکات، بە دەگمەن کەسانێک هەن بەوە بزانن کە ڕۆژگارێک مرۆڤێک بەم ناوەوە هەبووە و ژیاوە. بەڵێ، ئەو زانایەکی بەرپرسیار و تاک و گەلێک زرنگ بوو، لێ هەمیشە وەک مرۆیەکی بەختنیار و نیگەران ژیا! تێسلە بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیری نەکرد و وتەیەکی باوی هەیە کە دەڵێت داهێنەر هەرگیز نابێت هاوسەگیری بکات! ئەو مرۆیەکی مەزن بوو کە ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل دەیکوژێت و دوای تێپەڕینی نزیکەی سەدەیەکیش مۆدێلی ئۆتۆمۆبیلێکی پاتری ناوازە و گرانبەهای بە ناو دەکرێت.

بۆ شەوی دواتر من لە ماڵی خوشکە گەورەکەم دانیشتبووم و بیرم لە بەراوردکردنی بابەتی نێو ماڵەکان دەکردەوە. لەم سەردەمەدا بە هۆی هەبوونی پێگەی سەرەکی شاشە هەموو شتێک پچڕان و پارچەبوونێکی سەیری تێکەوتووە، بە دیدی من شتەکان هەرگیز بە دەست و وشەکانی سەر زاری خوشکە گچکە و زیتەکەم کۆ ناکرێتەوە. تراکە ڤیدیۆکەی تێسلە کە برازاکەم ڕۆژێک پێشتر بە میهرەبانییەوە پێشانی دابووم، دەتگوت زادەی ئەم نیگەرانییە بوو کە مرۆ هەنووکە بە بێ ئامێرێکی تەکنۆلۆژی وەک ئایفۆن، هەرگیز بە سانایی وێنە گەورەکەی هیچ شتێکی وەچنگ ناکەوێت.

ماڵی خوشکە گەورەکەم وەک نەریتێکی دەیان ساڵە ئاوی شێخی باڵەکیان لێ نابڕێت، لێ ئەوەی شیاوی باس و نیگەرانییە لەو سەردانەدا

ئاوەکە لە نێو پەرداخێکی پلاستیکی گچکەدا کۆتوبەند کرابوو، هەروەها هاوشێوەی ئەو جۆرە مارکانەی پەرداخی ئاو بوو کە لە سەردەمی کورتکردنەوەی ڕۆژی پرسە لە هۆڵی مزگەوت و ژێر چادرەکاندا دابەش دەکرێن، پاشان لە دەرەوە وەک گردی نایلۆن کەڵەکە دەبن.

لە ڕۆژی گەڕانەوەمدا بۆ زێدی شیرین، با و بارانێکی وەها بوو کە دڵۆپەکان بە لێشاو لەسەر بان و شەقامەکاندا هەڵدەبەزینەوە و شوێنی ئۆتۆمۆبیلانیان بە تەواوی داگیرکردبوو. هەورە خۆڵەمێشییەکانیش هێندە تووڕە و تووش دیار بوون، بە هیچ شێوەیەک ڕوون نەبوو کەنگی ڕوویان سپی بکەنەوە. هاوڕێیەکەم چەند مانگێک بوو کیژە گەورەکەی براوانامەی پارێزەری وەرگرتبوو، ئەویش دوو، یان سێ ڕۆژە لە پاداشتدا ئۆتۆمۆبیلێکی تێسلەی سپی بۆ کڕیوە.

– دڵدار، بەیانی باش! من ئێستا بە تێسلەکەی هەڵاڵە دێم بۆ بەر دەرگەی ماڵەوە و دەتگەیەنم بۆ مەتار (فرگە)! پێم خۆشە لە نێو هاوڕێیان تۆ یەکەم کەس بێت لە کورسی پێشەوەی تێسلەکەمان دابنیشیت.

+ بەیانی باش، ئارام! زۆر سپاس، بەڵام پێویست ناکات تۆ ئەزیەت بکێشیت و لەو دوورییەوە بێیت. من کە گەڕامەوە هەڵبەت ڕۆژێک هەر ڕێک دەکەوێت پیاسەیەک بەو ئۆتۆمۆبیلە بکەین. پیرۆزبایەکی دووانە لە کیژە جوانەکەت دەکەم!

– نا، من بەڵێنم بە خۆم داوە و لەم ڕۆژە باشتر نییە بێم بە دواتدا!

+ زۆر باشە، کاتژمێر ١٠:١٠ لەبەر دەرگە چاوەڕێت دەبم!

لە ماڵی برازاکەم بیرم لە ساتەکانی دانیشتنم لە نێو تێسلە ڕەنگ سپییەکەی هەڵاڵە دەکردەوە و سەردەمێکی کەمێک جوان، لە هەمان کاتیشدا گەلێک ترسناکم دەهاتە پێش چاو، بە تایبەت لەو ڕۆژگارانەی بە ئۆتۆمۆبیلە کۆرياییە شڕەکەم بە ئۆتۆبانەکە بۆ سەر کار دەچووم و دەگەڕامەوە و لە پڕ ئۆتۆمۆبیلێکی تێسلەی بێ شۆفێر بە لەنجەوە بە لایەکمدا ڕەت دەبوو. ئۆتۆمۆبیلە تێسلەکە سەرنجی بە جۆرێک وێڵ دەکردم و وەهای لێم دەکرد لە هەموو شتێک بترسم. گەلێک جارانیش ئۆتۆمۆبیلی تێسلە شۆفێری تێدا بوو، بەڵام پاڵی دابووە پشتەوە و بە شێنەیی ڕۆژنامە، یان کتێبی دەخوێندەوە. من هەردوو دیمەنی خوێندنەوەکەم بە دڵدا نەدەچوو، چونکە هەنووکە بە دەگمەن کەسێک دەبینیتەوە لە شوێنی گشتی کتێبێک، یان ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بێت. لە دیدی من لە هەردوو دیمەندا شۆفێری تێسلە گەمەی لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتووە دەکرد و ئەوەی من لە نێو ئۆتۆمۆبیلە شڕەکەمدا بینیبووم، پتر لە نواندنێکی ساویلکە دەچوو لەوەی لە زیندووکردنەوەی کات بێت لە ڕێگەی خوێندنەوەوە.

بۆیە لە دوای نان خواردن لەو کاتەی برازاکەم خەریک بوو دیمەنە هونەرییەکەی پێشان دەدام کە تێیدا ڕووی نیکۆڵا تێسلەی بە جۆرێکی ناوازە لە پڕ دەردەکەوت. من نازانم بۆچی لەبری گشت ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی دەربارەی ژیانی ئەم زانایە هەمبوو، تەنێ ئەو ساتەوەختانەم دەهاتەوە یاد کە تێسلەم لە شێوەی ئۆتۆمۆبیلێکی زیرەک بەسەر جادە و شەقامەکانی شارەکەی لێیەوە گەڕابوومەوە زێدی خۆم، بینیبوو. لەو ئێوارەیەدا زانیاری ورد و پترم دەربارەی نیکۆڵا تێسلە لە برازاکەمەوە گوێ لێ بوو کە هەرگیز پێشبینیم نەکردبوو. ئەو دەیگوت تێسلە پیاوێکی پشت ڕاست و سەر ڕاست و ڕێگە ڕاست بووە! تێسلە بە

درێژایی ژیانی لە ئەمریکا و لە نێو جەنجاڵی و ناشیرینییەکدا کە بە دۆلار پەردەپۆش کرابوو، ویژدانی گەلێک بە پاکی ڕاگرت.

لە نێو ئاخاوتنە شیرینەکانی برازاکەم، من وەک ئەوەی خەون ببینم، دیمەنی تێسلە بە ڕوونی دێتە پێش چاوم. تێسلە دەبینم ڕووەو پەنجەرەی ژووری ژمارە (٣٣٢٧) لە هۆتێل نیویۆرکەر دانیشتووە و ڕۆمانێکی ئیڤۆ ئەندریچ دەخوێنێتەوە. ماوەیەکی درێژە بیرۆکەی بیردۆزە فیزیاییەکان مینا پەروانە و گەلێک خێراتر لە تایەری ئۆتۆمۆبیلێکی سەدەی داهاتوو لە زەینیدا دەخوولێتەوە و دێن و دەچن. لێ هێندەی بیر دەکاتەوە سپۆنسەرێکی ئەمریکایی و بێ فێڵ و تەڵەکەی بۆ پەیدا نابێت هەتا بە هێز و پاڵپشتی پارە، خەونەکەی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بکاتە ڕاستی.

تێسلە هاوەڵ و هاوپیشەی زۆری لە دەوروپشتە و باوەڕی بە یەکێکیان نییە. هێندێک جار پێشبینی دەکات لە ژوورەکەدا خۆی و بیردۆزەکانی سەر دەنێنەوە و کەس بەوە نازانێت هەن. تێسلە بەر لە دەستپێکردنی ڕۆمانەکەی ئەندریچ، ڕۆژێک لە ڕۆژنامەیەکدا چیرۆکێکی نووسەرێکی ئەمریکایی بە ناوی مارک توین دەخوێنێتەوە و گەلێکی لە دڵدا دەنیشێت. ناوی چیرۆکەکە (کاتژمێر)ـە و باس لە پیاوێک دەکات کە کاتژمێرێکی چاک و جوانی هەیە و بۆ ماوەی هەژدە مانگ زۆر بە دروستی و بێ ئەوەی پاش و پێش بکات، کار دەکات و ساتەکانی ژیانی بۆ دەپێوێت، بۆیە پیاوەکە وەها دەزانێت کاتژمێرەکەی شتێکی ئەفسووناوییە و هەرگیز پەکی ناکەوێت. هەتا شەوێک لە پڕ دەبینێت کاتژمێرەکەی وەستاوە و کار ناکات. پیاوەکە هەست دەکات ئەوە پەیامی کارەساتێکە!

ڕۆژی دوایی بۆ ڕاستکردنەوەی کاتژمێرەکەی زوو ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت و هەرکە بە لای شوێنی زێڕینگەرێکدا ڕەت دەبێت و لە دەرگەکە دەچێتە ژوورەوە، زێڕینگەر کاتژمێرەکە لە دەست پیاوەکە وەردەگرێت و پێی دەڵێت کە چوار خولەک وەدوا کەوتووە! پیاوەکە دەڵێت: «هەرچەندە بە ئازارەوە لە دەوری زێڕینگەرەکە هەڵپەڕیم و پێم گوت واز لە کاتژمێرەکەم بهێنێت، کەچی ئەو هەر پێداگری کرد کە دەبێت ڕێکخەرەکەی چاک بکاتەوە، ئیدی کاتژمێرەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمێک دەچێتە پێش و لە ماوەی مانگێکدا کاتژمێرەکەم تایەکی وەها دەیگرێت کە لە ژێر سێبەردا دەچێتە سەر سەد و پەنجا پلە. دواتر گشت کاژمێرەکانی شار لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت و هەتا دەبینم بە سێزدە ڕۆژ وەپێش ڕۆژژمێر کەوتووە. کاتژمێرەکەم لە نێو بەفر و مانگی نۆڤەمبەردا بوو، کەچی هێشتا مانگی ئۆکتۆبەر گەڵای دارەکانی نەگۆڕیبوو! ئیدی کرێی سەرە مانگ و پارەدانی شتەکانی دیکەیش زوو وادەی هات و بە ئاستێک گەیشت چیتر نەمتوانی خۆمی لەبەر ڕابگرم.»

پیاوەکە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بەردەوام دەبێت، ئەوجارە کاتژمێرەکەی دەبات بۆ لای سەعاتچییەک کە پێی دەڵێت کاتژمێرەکەی خاوێنکردنەوە و ڕۆنی پێویستە، ئیدی بە پێچەوانەی جاری پێشوو پیاوەکە ئەوجارە لە هەموو شتێک وەدوا دەکەوێت و وەهای لێ دێت خۆی بە مۆمیای مۆزەخانەکان بچوێنێت.

لێرەوەڕا چیرۆکەکەی مارک توین وەها بەردەوام دەبێت و کاتژمێرەکە هەرجارەی کێشەیەکی تازەی تێدەکەوێت و خاوەنەکەی بە دڵگرانییەوە دەیبات بۆ لای وەستایەکی دیکە: یەک دەڵێت شا کلیلەکەی شکاوە، ئەویتر دەڵێت

کریستاڵەکەی خوار بووەتەوە! ئیدی بێزاریی پیاوەکە دەگات بە ئاستێک، بە دڵگرانییەوە بە سەعاتچییەک دەڵێت: « کاتژمێرەکەم بە دوو سەد دۆلار کڕیوە، لێ هەتا هەنووکە دوو سێ هەزار دۆلارم بۆ چاککردنەوەی خەرج کردووە!»

دوا جار لەو کاتەی پیاوەکە کاتژمێرەکەی دەبات بۆ لای سەعاتچییەک و یەکسەر ئەو دەناسێتەوە کە پێشتر لە شارەکە ئەندازیارێکی بەلەمی هەڵمی سەرنەکەوتوو بوو. پاش ئەوەی ئەم سەعاتچییەش وەک ئەوانی دیکە کاتژمێرەکە دەپشکنێت و بە لەنگییەکەی نازانێت، یەکسەر بە باوەڕەوە بە پیاوەکە دەڵێت: «کاژمێرەکە هەڵمی گرتووە!» ئیدی پیاوەکە پشووی لەبەر دەبڕێت و بە نابەدڵییەوە بە سەعاتچییەکە دەڵێت: «مامم ویلیەم (هەنووکە لە ژیاندا نەماوە!) دەیگوت: هەسپی چاک بە چاکی دەمێنێتەوە، هەتا ئەو کاتەی جارێک غار دەدات. کاتژمێری چاکیش هەتا ئەو کاتە بە چاکی دەمێنێتەوە کە هێشتا نەچووە بۆ ژێر دەستی وەستا، هەورەها مامم دەیپرسی ئەگەر وەها نەبووایە دەبێت ئەو هەموو وەستا سەرنەکەوتووانە، لە وەستای چەک و پێڵاوەوە بگرە هەتا ئەندازیار و ئاسنگەر چییان بەسەر هاتبایە؟ لێ کەس نەبوو ئەو شتەی پێ بڵێت!».

تێسلە لە دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە دڵ و دەروونی بە شێوەیەکی سەیر ئارام دەبێتەوە. دواتر زۆر بە وردی لە وێنەی نووسەرەکە ڕادەمێنێت و هەست دەکات دوانەیەکی خۆی، یان شێوەی ئەو برایە کۆچکردووەی تێدا دەبینێت کە لە هەرەتی منداڵیدا لە پێش چاوی لە سەر ئەسپ دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێت. ئەسپێکی عەرەبی دەگمەن بوو و پاشایەکی عوسمانی لە سەراییڤۆ بە دیاری بۆ باوکە قەشەکەی تێسلەی هێنابوو.

تێسلە بەر لەوەی گوندە جوانەکە و زێدی بابوباپیرانیشی بەجێ بهێڵێت کۆڵی ئەم خەم و تراژیدیایە هەردەم وەک بارێکی گران بەسەر دڵییەوە مابوو، بۆیە لە شاری نیویۆرک لەو کاتەی لە وێنەی مارک توین ڕادەمێنێت و چیرۆکەکەی بە جورێک بە دڵدا دەنیشێت و وەها دەزانێت کاتژمێرەکە ڕاڤەی چارەنووسی وی دەکات لە ئەمریکا، دواتر بڕیار دەدات کە گشت بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بخوێنێتەوە و ئەگەر بۆی بلوێت دەستی هاوڕێیەتیشی بۆ درێژ بکات.

تێسلە لەو شوێنەی لێوەی هات، بوو بە دەگمەن نووسەر و شاعیری بینیبوو کە وەک نووسەرانی ئینگلیز و ئەمریکایی پارەدار بووبن، یان هەر لە سەرەتاوە بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاوەوە هاتبن بۆ نێو دنیای نووسین، بۆیە لە تێڕامانی بۆ ڕوخسار و جلوبەرگی مارک توین بە ڕوونی هەست بە جیاوازییە سەیرەکە دەکات و خەریک بوو بیری بۆ شتێک بچێت، کەچی نەیدەزانی ئەنجامەکەی زوو بێهوودەیی بە دواوە دەبێت.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە بوو و تێسلە بە تامەزرۆییەوە دوا پەرەگرافەکانی ڕۆمانەکەی (ئیڤۆ ئەندریچ) دەخوێنێتەوە و چیرۆکەکەی مارک توینیش وەک خۆی لە نێو زەینیدا بە زیندوویی ماوە و بە دەیان شێوە و ڕەنگ خۆی دەنوێنێت، لەو کاتەدا خۆیشی نازانێت چۆن وەها بلەز خۆی دەگۆڕێت و بە دوای بەرهەمەکانی مارک توین بەرەو کتێبخانە، یان کتێبفرۆشییەک دەکەوێتە ڕێ.

چەند هەفتەیەک دوای خوێندەوەی گشت بەرهەمەکانی مارک توین، ڕۆژێک تێسلە لە ژیانی ڕاستیدا بە دیداری مارک توین دەگات و

لە یەکەم ساتدا هەردوو پیاوە پۆشتەکە وەک دوو هاوڕێی چەندان ساڵە یەکدی دەبینن. لەو دانیشتنەدا گفتوگۆ لەسەر گەلێک بابەتێکی گرنگ دەکەن و تێسلە دڵی خۆشە کە لە چاو هاوەڵ و هاوپیشەکانی کە هێندێکیان بڕوانامەی دوکتۆرایان لە زانستی فیزیک هەبوو، پیاوێکی ناسیوە کە هەم نووسەرە و هەمیش دەوڵەمەندێکی دڵ و دەروون گەشە، لێ کەمێک لە خۆبایی.

مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی! پەندێکی پێشینان بوو، دەتگوت لە خاکی کوردانەوە بە گوێی کارەکتەرێکی ڕۆمانەکانی (ئیڤۆ ئەندریچ)دا چووبوو، شێوەکەی بە تەواوی گۆڕابوو، لێ لەو کاتەی پەندێکی وەها لە زاری (مارک توین)یشەوە دەبیستێت کە بە ڕێز و شەرمەزارییەوە داوا ئەرێنییەکەی هاوڕێ تازەکەی ڕەت دەکاتەوە بۆ سپۆنسەرکردنی بیردۆزە زانستییەکانی، تێسلە دێتە سەر ئەو باوەڕە کە بڵێت دەوڵەمەند هەر یەک شتە ئەگەر لە بەرگی نووسەردا بێت، یان لە هی زانای فیزیک و ماتماتیک.

مارک توین بە ڕوونی و ڕەوانی بە تێسلە ڕادەگەیەنێت کە پێشتر زانایەکی لەو دیوی پێنج دەریاچەکە ناسیبوو و داوای سپۆنسەری لێ کردبوو بۆ داهێنان و هێنانەدی خەونی تێلیفۆن، وێجا بە گاڵتەوە بە تێسلە دەڵێت: من خۆم لە بێڵ گێل کرد، لێ لە بەرانبەر ئێوەی زۆر زرنگ و پۆشتە و بەڕێزدا خۆم گەلێک شەرمەزار و نەوی دەبینم و نازانم چی بە زارمدا بهێنم.

مارک توین دوا وشە و بڕیار کە بە گوێی تێسلەیدا دەچرپێنێت، بۆنی ڕەتکردنەوەکەوە لە زاریدا کەمێک خۆشتر دەرکەوێت. لەو کاتەی دەڵێت کە ئەو بە نیازە سەروەتەکەی بۆ هێنانەدی دەزگا و ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە شارەکەدا تەرخان بکات و هاوکاری هەر کەسێک بکات کە خەونی نووسین بەرۆکی بەرنادات.

تێسلە بە نابەدڵی دەگەڕێتەوە ژووری هۆتێلەکەی و ڕووپەل لە ژێری دەستیدا باڵ دەگرن. ژمارەی بەڵگەنامە و ئەو ڕووپەلانەی بە بیرۆکە و بیردۆزی ناوازە پڕ دەبن، ژوورەکەی لێ داگیر دەکەن. گوشاری هاوەڵێکی لە شوێنی کارەکەی، لە هی ئەکتەری میسری فەرید شەوقی دەچوو، کە لە گەلێک لە فیلمەکانیدا لە بەرانبەر دۆست و نەیارەکانیدا پێڕەوی دەکرد، بێزاری و تووڕەییەکی زۆر دەخەنە نێو دڵی تێسلە.

بۆیە لە ساڵەکانی دواییدا و پاش دوا هەناسەکانی خۆڕاگری و بەرگریکردن، تێسلە بە ڕۆژ و مانگ خۆی لە ژوورەکەی دەئاخنێت و نایەوێت کەس ببینێت. لەو کاتە پڕ لە نیگەرانییەی ژیانیدا، ئەو دەیویست بڵێت کە داهێنانەکانی بۆ خزمەتکردنی گشت خەڵکی سەر ئەو زەوینە کەونارا و ماندووە بە دەستی نەیارانی، بۆیە بڕیاری دا ئەگەر دەستێکی پاکی بۆ هاوکاریکردن وەگیرنەکەوێت، بیرۆکە زانستییەکانی و هەرچی وەدەستی دەهێنێت لە نێو ناخ و بەڵگەنامە کۆکراوەکاندا هەڵیانبگرێت و هەتا ڕۆژی خۆی دەرگەیان بەسەردا دابخات.

گەلێک شەوان تێسلە بە تاریکی دادەنیشت و چرای ژوورەکەی بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو بە ناو هاوەڵ و هاوپیشانەی خۆی کە لە دوژمن ترسناکتر بوون، دادەمرکاند. دواتر لە پەنجەرەی ژوورەکەی نزیک دەبووەوە و پەردەکەی هەڵدەدایەوە و هەمان ئەو چەند ئۆتۆمۆبیلە فوردە ڕەشەی دەبینی کە لە خوارەوە چاودێری

هۆتێلەکەیان دەکرد. بەڵێ، دەیبینی چۆن لە کورسی پێشەوەی ئۆتۆمۆبێلێکدا بە ئاستەم تارمایی ئەو پیاوە باڵابەرز و زانایە دیار بوو کە تێسلە پاشناوەکەی گۆڕیبوو بە ترۆمپا، ئەوەیش بە هۆکاری گوشاری بەردەوامی بۆ وەدەستخستنی بیردۆزە زیرەک و ناوازەکانی وی.

هەنووکە ناوی تێسلە هی گشت ئەو هاوەڵ و هاوپیشە زرینگانەی داپۆشیبوو کە چەقەڵ بوون لە پێستی بەرخدا، هەرچەندە ناوی گەلێکیان هەتا سەر بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، لێ شیمانەی هەیە ناو و هەڵکەوتەی ئەکتەرە میسرییە بە ناوودەنگەکە بە زەینی کەسێکدا بێت کە بە هۆی وشەی (شەوق- ڕووناکی) یەوە لە ڕۆژێکی دوور بێت، یان نزیک تیشکێک بخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی ژیانی تێسلە. یان بچێتە سەر باسکردنی ژیانی هاوەڵەکانی و بزانێت لە کوێدا ڕۆڵی چەقەڵیان بینیوە، نەوەک هاوڕێ، هەروەها شیمانەی هەیە وشەی (شەوق – ڕووناکی) مینا کلیل و ئامرازێک ڕۆڵ ببینێت و ڕازێکی شاراوە بۆ کەسەکە هەڵبێنێت هەر کاتێک بیەوێت لە ژیانی مرۆیەکی بە ناوودەنگ بکۆڵێتەوە، یان هەر هی تاکێکی ئاسایی کە بە دیدی وی گەلێک بەختیارە ناوەکەی لە بازنەی ئازیزانی بۆ دوورتر نەچووە.

ئەو ڕۆژەی تێسلە لە دایک بووبوو، لە دەرەوە باوباران و تاریکییەک بوو، هەترەشی مرۆی دەبرد و دەیترساند، بۆیە لەو کاتەی مامانەکە گوێی لە دەنگی زیڕەی کۆرپەکەی نێو دەستی دەبێت، بێ ئەوەی سێ و دووی لێ بکات شتێکی سەیری بە زاردا دێت و دەڵێت: ئەو دەنگە، دەنگی تاریکییە! لەگەڵ دەربڕینی ئەو ئاخاوتنە نەشیاوەدا، هەورەتریشقە و برووسک ئاسمانی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەتوپەت دەکەن و ڕووناکی دەکەنەوە. ئیدی لێرەوە دایکی تێسلە هەناسەیەکی شادمانی هەڵدەمژێت و بە نابەدڵییەوە بەرسڤی مامانەکە دەداتەوە و دەڵێت: کچێ، زمانت بە خواری مەگێڕە و زیڕەی کۆرپەکەم دەنگی ڕووناکییە!

خوشکەکەی نێو دەفەری چیاکانم لە ماڵە خنجیلانەکەی دێت و دەچێت و یەک چرکە دانانیشێت. پەرداخی بەتاڵ لەسەر مێزەکەی بەردەمم هەڵدەگرێت و بلەز یەکێکی دیکەی پڕ دەهێنێتەوە و لە جێگەی دادەنێتەوە. من هەستم دەکرد خوشکەکەم وەهای دەزانی لە خاکی غەریبی ئاوی ئۆقیانوسەکانم هەمووی خواردووەتەوە و بە ئاوی شێخی باڵەک نەبێت سوێرایی نێو ناخم داناشۆرێت و شیرین نابێتەوە.

لە دوای خواردنی ژەمێکی بە چێژی کوردەواری و چای بۆنداری دەستی خوشکە گەورەکەم، من خۆم بە دوا پەرداخە نایلۆنەکەی لۆگۆی شێخی باڵەکی لە سەر بوو، مژووڵ کردبوو و دەمویست ئەوە پێشان بدەم کە چیتر ئاو ناخۆمەوە. لێ لەو کاتەی یاریم لەگەڵ سەرپۆشە ئەلەمنیۆمە تەنکەکە دەکرد، ئەوجارە خوشکم زۆری بەلاوە سەیر بوو کە چۆن وەها تووشی بێدەنگییەکی قووڵ بووبووم و خەریکی کارێک بووم کە لە هی منداڵێکی دە ساڵان دەچوو. نەوەک هی برایەک کە لە چاوی خوشکەکەم گەلێک بەستەزمان و ساویلکە دیار بوو، چونکە نیو سەدە لە ژیانی گوزەرا بوو، کەچی هێشتا هەر ڕەبەن و تەنیا و خاوەنی هیچە.

دوای بینینی وێنەکەی تێسلە، من لەمەودوا چاوی ئایفۆنەکەم لە بەرانبەر دیمەنێک ڕادەگرم کە چاوی ئاساییم بە تاکی تەنێ بۆی کۆ ناکرێتەوە، بۆیە لەو کاتەی خوشکە گەورەکەم بەرەو ناندینەکە چوو و هەستم کرد ئەم جارە

دەچێت دەفری پڕ لە میوە دەهێنێت، بە خێرایی بە ئایفۆنەکەم وێنەیەکی سەرپۆشە ئەلەمنیۆکەم چرکاند. سەرپۆشەکە دەمێک بوو بە هۆی جووڵە و خولانەوەی خۆنەویستانەی لە نێو دەستمدا، کەمێک گەچرا بوو، لووسی و سافییەکەی پێشووی نەمابوو.

ماوەیەکی درێژ و هەتا گەڕانەوەی خوشکم لەسەر سکرینی ئایفۆنەکە سەیری وێنەکەم کرد و لەپڕ لە پێش چاوانم ڕوخسارێکی لە شێوەی نیکۆلا تێسلە دەرکەوت. وێنەکە بە شێوەیەکی گەلێک سەیر نزیکی لەگەڵ کارە هونەرییەکەی برازاکەم هەبوو کە لە شەوی پێشوو لە یوتیوب پێشانی دابووم. من لە بەرانبەر وێنەکەدا بەشێوەیەک دامام و کارە منداڵانەکەی نیگای چاوی خوشکەکەم بەر لە چەند خولەکێک بڕیاری لەسەردا بوو، بۆم بوو بە زادەی ناساندنی پنتێک لە قووڵایی نەستدا کە تێیدا مرۆ لە هەمان کاتدا هەم دەتوانێت منداڵ گەورە بێت. لەوێدا مرۆ بە سووکی بە سەر سنووری ڕەگەز و لەش و گشت ئەو بەربەستانەدا باز دەدات کە پەردە بەسەر ڕاستیدا دەپۆشن.

من لە دوای ئەوەی لە نێو شەپۆلی ئەم هزرکردنە قووڵەی سەروو وەدەردەکەوم، بە ئەسپایی لە ئایفۆنەکەم پەنجە لەسەر ناوی برازاکەم دادەنێم و یەکسەر وێنەکەی بۆ دەنێرم، دواتر کەمێک چاوەڕێ دەکەم و زەنگ بۆ ژمارەکەی لێ دەدەم و داوای لێ دەکەم هەم هونەرەکەی سەر یوتیوبم بۆ بنێرێت و هەمیش ڕاڤەی خۆی دەربارەی ڕێکەوتەکە بنووسێ.

برازاکەم لەسەروەختی ئاخاوتنەکەدا لە ئاوازی دەنگی دیار بوو شادمانییەکی مەزن دڵ و دەروونی داگیر کردبوو، لە ئەنجامدا خەریک بوو چەندان وشەی سەر زاری خوشکە گچکەکەمی دەهاتنە سەر زار. تێلیفۆنە چەند خولەکییەکە دوایی هات و برازاکەم پاش کەمێک وێنەی تێسلە لەسەر سەرپۆشی ئاوەکە و کارە هونەرییە بەرزەکەی نێو یوتیوبی لە پاڵ یەکدی دانابوون و بۆی ڕەوانە کردم.

خوشکە گەورەکەم مات بووبوو، بە هێمنی بە دیار بەزمی ئەو کارە منداڵانەیەم و بیستنی ناوهێنانی تێسلە دانیشتبوو. من گەرەکم بوو بزانم ناوی تێسلە چی ڕاڤەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە نێو ژوورەکە و خوشکم چۆن لەو بەزمە سەیرەی نێوان من و برازا دەنگخۆشەکەم تێگەیشتبوو، بۆیە سەرباری مێوانداریيە بۆ هاوتاکەی، بۆ ئەوەی چیتر ئەو لە نێو نیگەرانی و گومان و دڵەڕاوکێدا نەهێڵمەوە، سەرم هەڵبڕی و گوتم:

– خوشکێ وەرە لە کن من دابنیشە و سەیری ئەم دوو وێنەیە بکە.

+ ئەو کابرایە کێیە برا، ئەحمەد مەزهەرە!؟

– ئەحمەد مەزهەر کێیە، من دەیناسم!

+ نا ئەو کورد نییە! ئەکتەرێکی کۆنە، زۆر فیلمی لەگەڵ فەرید شەوقیدا هەیە، ئەگەر بیناسیت!؟

لێرەوەڕا خوشکم ڕەنگی هەڵبزرکانی سەر ڕوومی بینی و پتر لێم هاتە پێشەوە وەک منداڵەکەی جاران بم یەکسەر دەستێکی لەسەر شانم دانا.

+ برا چی ڕووی داوە، شتێک هەیە من نەیزانم!؟

– نا خوشکێ هەر فیلمێکی ترسناکی ئەو ڕۆژگارانەم وەبیر هاتەوە!

ئیدی من بەر لەوەی بخەوم تێلیفۆنێکم بۆ برازاکەم کرد و پێم گوت گۆرانی (گولێ گولێ)ی (دیار دەرسیم)م بۆ بچڕێت، کە هەمان ناوی خوشکە گچکەکەمی هەڵگرتووە، بەڵکە خەوێکی خۆشم لێ دەکەوێت، یان وشەکانی سەر زاری برازاکەم کە

بەر لە چرپینی گۆرانییە خۆشەکە بە گوێیدا چرپاند بووم، هەر بە زیندوویی دەمێننەوە هەتا لە دەڤەری شێخی باڵەک دەگەڕێمەوە شار و دەچمەوە ماڵی خوشکە گچکەکەم.

چونکە دڵم ڕوون بوو لەو کاتەی برازا دەنگخۆشەکەم لە کەراجەوە بە دوامدا دێت، بارەکە بە پێچەوانەی ڕۆژی پێشوو سەراولێژ و ڕاست بووەتەوە، بە تایبەت کە برازاکەم لە دوای خۆمەوە دەبینم بە شادمانی و ڕووی بە خەندەوە پێ دەنێتە نێو ماڵی گوڵێی خوشکم و سەردانی دەکات، هەروەها لە ژوورەوەیش بۆ چرکەیەک لە سکرینی ئایفۆن و کاتژمێرە ئەپڵەکەی ناڕوانێت، نەوەک خوشکە گچکەکەم هەست بکات کە ئەو بێزاری دەنوێنێت و لە دانیشتن لە ماڵەکەیدا ناشادە.

ئیدی لە نێو ئەم کەشە خێزانییە گەرمەدا، من و برازاکەم بێ ئەوەی بابەتی وێنەکەی تێسلە دووپات بکەینەوە و بیهێنینەوە گۆڕێ، سێو و هەنار و پرتەقاڵە بۆندارەکان لەت دەکەین و کاتی مردوو و لەدەست چوو لەگەڵ ئازیزەکەماندا، زیندوو دەکەینەوە.

**تێبینی:**

لەگەڵ تەواوکردنی ئەم چیرۆکە خوشکە گەورەکەم لە دووری پتر لە دە هەزار کیلۆمەترەوە، پەیامێکی لە ڕێگەی ڤایبەرەوە بۆ هەناردم کە شیعر و وێنەیێکی دەستە خوشکێکی شاعیری تێدا بوو بە ناوی ست کاکۆ. ڕێکەوتێکی گەلێک لەپڕ و سەیر بوو، چونکە ناوی شیعرەکە (کاتژمێر) بوو. بە شانازییەوە لە خوارەوە چەند کۆپلەیەک لەو شیعرە جوانە دەنووسمەوە:

**بۆیە کاتژمێرم**
**خۆش ناوێ**
**چرکەی تەمەنم دەژمێرێ**
**ژیانم لەتەک خۆیدا دەبا و**
**بە پەیکی مەرگم دەسپێرێ.**